# دیاردەی رەتکردنەوەی یاساکانی هەرێمی کوردستان لە دادگەی فیدراڵی

05-12-2022

**نووسەرەکان**

د. یاسین تەها

**کورتە :** لەدوایین پێشهاتی دادوەریدا، دادگەی فیدراڵی لە بەغدا هەموارێکی یاسای باری کەسێتی هەرێمی کوردستانی رەتکردەوە ( 18ی یاسای 15ی 2008). هەموارەکەی هەرێمی کوردستان رێگە دەداتە هاوژینی ئەو پیاوانەی کە ژنی دووەم هێناوە، کە مافی داواکردنی جیابوونەوەیان هەبێت

لەدوایین پێشهاتی دادوەریدا، دادگەی فیدراڵی لە بەغدا هەموارێکی یاسای باری کەسێتی هەرێمی کوردستانی ڕەتکردەوە ( 18ی یاسای 15ی 2008). هەموارەکەی هەرێمی کوردستان ڕێگە دەداتە هاوژینی ئەو پیاوانەی کە ژنی دووەم هێناوە، کە مافی داواکردنی جیابوونەوەیان هەبێت، بەڵام دادگەی فیدراڵی عێراق، فرەژنی بە هۆکارێك نابینێت بۆ داواکردنی جیابوونەوە و پێیوایە، ئەمە پێچەوانەی ڕێساکانی شەریعەتی ئیسلامە. شتێکی روونیشە کە لە دەستوری عێراقیشدا یاسای دژە شەریعەت ڕەتکراوەیە (مادەی 2).

ئەم بڕیارە کە نێوەڕۆکەکەی دەچێتەوە سەر مشتومڕێکی فیقهی و فیمینستی قووڵ و ئاوکێش، کە لێرەدا دەرفەتی باسکردنی نییە، دوا ئەڵقەی زنجیرەیەك بڕیاری دادوەریی بنجبڕە کە ئەمساڵ (2022) تاوەکو ئێستا پێنج جار دژی یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان دەرکراون. بەناوبانگترین ئەو بڕیارانەش ڕەتکردنەوەی سەرلەبەری یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بوو (ژمارە 22ی ساڵی 2007) بەو پاساوەی نادەستورییە، بەبێ ئەوەی لەسەر وردەکارییەکانی بوەستێت. بەدوای ئەوەشدا دادگەکە مادەیەکی یاسای خوێندنی باڵای ڕەتکردەوە (مادەی 46ی یاسای 10ی ساڵی 2008 ) کە ڕێگر بوو لەوەی ڕێوشوێنە کارگێڕییەکانی زانکۆکانی کوردستان بچنە دادگەکان (ئازاری 2022)، دواتریش ئەو برگەیەی یاسای کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسیی هەرێمی کوردستانی ڕەتکردەوە، کە بە تاکە دەسەڵاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردن پێناسەی دەکات (ئۆکتۆبەری 2022). لە مانگی رابردووشدا یاسای بەرکاری خانەنشینیی هەرێمی ڕەتکردەوە کە لەبنەڕەتدا یاساکە هی پەرلەمانی بەغدایە (ژمارە27ی 2006) و لە عێراقدا بە یاسایەکی دیکە جێگەی گیراوەتەوە و پووچەڵ کراوەتەوە. ئێستاش دادگا لە سکاڵای درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان دەکۆڵێتەوە.

لە دەرەوەی مشتومڕە یاساییەکانی پەیوەست بە نێوەڕۆکی برگە و یاسا ڕەتکراوەکان، مشتومڕێکی دیکە لەسەر پەرەسەندنی دیاردەی ڕەتکردنەوەی یاساکانی هەرێمی کوردستان لە بەغدا لەلایەن دادگەیەکەوە هەیە، کە سەرەڕای ئەوەی شەرعیەتی یاسایی هەیە (ژمارە 30ی 2005)، بەڵام هێشتا هەر لە قۆناخی راگوزەردایە، چونکە ئەو دادگە فیدراڵییە نییە کە دەستوور چەسپاندوویەتی (مادەی 92). هەروەها ئەو دادگەیە نییە کە یاسای نوێی بۆ دەرکرابێت بەجۆرێك کە لە "چەند دادوەر و پسپۆرێکی شەریعە و یاسا پێك بێت"، وەك لە دەەستووردا هاتووە. هۆکاری دواکەوتنی دەرچوونی یاساکەش دەگەڕێتەوە بۆ پێشمەرجێکی دەستوور کە وای داناوە، پێویستە یاسای دادگەی فیدراڵی بە 2/ 3ی دەنگی پەرلەمانتاران دەربچێت، جگە لەوەش ناکۆکی زۆر لەسەر دەسەڵاتی پسپۆڕەکانی شەریعەت هەیە، ئەمەش وایکردووە ماوەی 17 ساڵە دادگەکە هەر راگوزەر بێت و فۆڕمە دەستورییەکەی خۆی وەرنەگرێت.

لەپاش هەڵبژاردنی تشرین/ئۆکتۆبەری 2021 دادگەکە زیاتر فەرمان و بڕیاری کارگێڕی لە بەغدا ڕەت کردووەتەوە، لەگەڵ شیکاری هەندێك لە دەق و ماددەکانی دەستوور بەتایبەت لە سەرەتای خوولی پێنجەمی پەرلەمان، بەڵام دەرهەق بە هەرێمی کوردستان بڕیارەکانی زیاتر ڕەتکردنەوەی دەق و بڕگەی یاسایی بوون، کە هەندێکیان وردەکاریین و، لەگەڵ سروشتی دادگەی باڵا و دەستورییەکانی جیهان ناگونجێن کە تەنیا لە کاتە هەستیار و جومگەییەکاندا دێنە سەر هێڵ و بڕیاری یەکلاکەرەوە دەردەکەن. لە لایەکی دیکەشەوە، بە گەڕانەوە بۆ سیڤی دادوەرەکانی دادگەکە ئەوە دەردەکەوێت لە کۆی 12 ئەندامی دادگەی فیدراڵی کە سیانیان یەدەگن، تەنیا یەك دانەیان پسپۆڕی یاسای دەستوورییە، ئەویش کاندیدی پارێزگای دهۆك بووە. سەرجەم دادوەرەکانی دیکە لە دادگە مەدەنی و جینائییەکان کاریان کردووە، لەپێش هەموویانەوە سەرۆکی دادگەکە و هیچیشیان پسپۆڕی دەستووری نین.

بڕیارەکانی دادگە کێشە و لێکەوتەی زۆرە لەسەر پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ، چونکە بڕیاری دادگە بەگوێرەی دەستوور یەکلایی و بنجبڕە و قابیلی تێهەڵچوونەوە نییە (مادەی 94)، ئەمەش هیچ دەرفەتێك بۆ دیالۆگ یان سازان یان هەوڵی گونجاندن ناهێڵێتەوە و زۆرجاریش هەستیاری دروست دەکات. بەگوێرەی ڕێوشوێنەکانی دادگەکەش، دەرگای سکاڵا تۆمارکردن کراوەیە بەمەرجی ئەوەی سکاڵاکار لایەنێکی کێشە "خصم" یان زەرەرمەند بێت، لەو بڕیارانەشی دژی یاساکانی هەرێمی کوردستان دەرچوون، جاری وا هەیە سکاڵاکار هاوڵاتی ئاسایی یان ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای بەسرە بووە! بەم پێیەش دەرگا کراوەیە بۆ هەرکەس کە بیەوێت تانە لە یاساکانی هەرێمی کوردستان یان فیدراڵییەکان بدات و دادگەکەش بەشێوەی ئاسایی دادبینی تێدا دەکات و هیچ فلتەر و پێشمەرجێکی نییە.

جگە لە کێشەی سروشتی توندی حوکمە دادوەرییەکان، بۆچوونێکی یاسایی هەیە کە پێیوایە هاتنەسەرکاری بەردەوامی دادگەکە لە وردەکاری یاساکان، لەگەڵ ڕۆح و جەوهەری دەستوور نایەتەوە بەتایبەت مادەی 121، کە ماف دەدات بە هەرێمەکان دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەریی خۆیان هەبێت لە دەرەوەی دەسەڵاتە تایبەتەکانی (حصري) حکومەتی فیدراڵی کە زیاتر بریتین لە: سیاسەتی دەرەوە، سیاسەتی ئابوری و بازرگانی، دارایی و گومرگ و دراو، دیاریکردنی پێوەری کێشانەو پێوانە، دانانی بودجە لەگەڵ سیاسەتی بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو لەگەڵ سەرژمێریی گشتی دانیشتوان. هەر بەگوێرەی مادەکەی دەستووریش، لەکاتی دروستبوونی ناکۆکی لەنێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکاندا، لە دەرەوەی دەسەڵاتە تایبەتەکانی حکومەتی فیدراڵی، ئەوە ماف بۆ هەرێمەکانە کە پەیڕەوی یاساو هەمواری خۆیان بکەن. لەم سۆنگەیەشەوە شۆڕبوونەوە بۆ وردەکاریی یاساکانی هەرێمی کوردستان جێگەی سەرنج و پێشینەیەکی جێگەی مشتومڕە. بەتایبەت دوابڕیار لە بارەی وەرگرتنەوەی مافی جیابوونەوەی ژن لە مێردەکەی، ئەگەر مێردەکەی هاوسەرگیری دووەمی ئەنجامدا. ئەمەش بەپاساوی ناکۆك بوونی لەگەڵ شەریعەت کراوە، لەکاتێکدا هەندێك لە شارەزایانی

یاسایی پێیانوایە ئەو مەسەلەیە لە بنەما نەگۆڕەکانی ئیسلام نییە و دەرفەت و بواری تێدایە و ناکرێت بڕیاری دادگە، کە بەزۆرینەش دراوە و کۆڕا(الإجماع)یشی لەسەر نەبووە، بە شێوەیەکی بنجبڕ ئەو بابەتە یەکلایی بکاتەوە.

ڕەنگە دەرچەی گونجاو بۆ دەرچوون لە کێشەکانی ئەم دادگەیە دەرکردنی یاسای دادگەکە و دروستکردنی دادگەی دەستوری بێت. حکومەتی نوێی محەمەد شیاع سوودانیش شەش مانگی بۆ ئەوە داناوە کە ئێستا مانگێکی تێپەڕیوە، بەڵام هێشتا ئەگەر و گومان هەیە کە یاساکە لەو ماوەیە دەربکرێت و دادگەی نوێ بکەوێتە سەرپێ. تاوەکو ئەو دادگەیەش پێك نەیەت، ئەوە دادگەکە لە بڕیارە جومگەیی و گرنگەکانی وەك نەوت و پرسە گرنگەکانی دیکە پشت بەهاوکێشەی هێز دەبەستێت و بەلای باڵادەست لاسەنگ دەبێت، بەوپێیەی ئەوان دادوەرەکانیان دیاریکردووە. بەو پێیەشی سەربەخۆیی دادگە چەندین نیشانەی پرسیار و گومانی لەسەرە، لەو پرسانەشی کە لاوەکین بۆچوونی دادوەرەکان بڕیاردەر دەبێت، لەکاتێکدا باکگراوەند و گرنگیدانەکانیان لەگەڵ سروشتی ئەرك و کاری دادگەکەدا نایەتەوە کە هاوتای دادگەی باڵای دەستوریی وڵاتانی دیکەیە.